# ئیمەیلی ژنە ڕۆژنامەنووسەکان

هەستیار غەمگین
Hastiar2006@yahoo.com



ئەگەر باس لە چەمکی ئازادی و یەکسانی جێندەری بکەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبێت شرۆڤەیەکی وردی بۆ بکەین، چونکە پێم وانیە ئەم یەکسانی و مەسەلەی جێندەریە لەنێو ئەوانەشدا ڕەنگی دابێتەوە کە خۆیان بە هەڵگری چەمکەکە دەزانن و لە نووسین و قسەکانیاندا کردویانەتە وێردی سەر زمانیان.

ئیمەیلی ژنە ڕۆژنامەنووسەکان هەر کەسێك ئەو ناونیشانە بخوێنێتەوە ڕەنگە بڵێت مەبەستی نوسەرەکەی چیە لەو ناوە، بەڵام مەبەستگەلێکی زۆر هەبوو وای لە من کرد کە ئەم بابەتە هەڵبژێرمء ناونیشانێکی لەو جۆرەی بکەمەبەری.

ئەمڕۆ دەبینین ژنانێکی زۆر چ لە سایتەکان و لە ڕۆژنامەکاندا کەوتوونەتە نووسینی بابەتی ڕەخنەیی لەسەر مەسەلەی توندوتیژیء کوشتنی ژنانء بێخەمی دەسەڵاتی کوردی لەهەمبەر ئەم بابەتە ترسناکە، کە من دەستخۆشیان لێدەکەم لەو نووسینانەیان لەسەر بابەتء کێشەیەك کە پەیوەندی بە خۆیانء مەسەلەی یەکسانیانەوەیە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەریان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانم لەوەی کە هەندێکیان لە خوار بابەتەکانیانەوە ئیمەیلیان داناوە بەڵآم تەنها بۆ ئەوەی وا نیشانی خوێنەر بدەن کە فلآنە کچ یان ژنە نووسەر

ئیمەیڵی هەیەو وەڵامی تێبینیء سەرنجی خوێنەرو هاوتا ڕەگەزەکانی دەداتەوە، من نامەویێت ناوی هیچ کام لەو ژن و کچانە بهێنم کە دوای ئەوەی بابەتەکەیانم خوێندوەتەوەو تێبینم لەسەر بەشێکی وتارەکەی هەبووەو بۆم ناردوە بە ئیمەیڵەکەیدا، بەڵآم هیچ وەڵآمێك لەلایەن ئەوانەوە لەسەر تێبینەکانم بۆ نەهاتۆتەوە، ئەمە ئەگەر ترسە لەوەی کە هێشتا ناوێرن خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو نوسینەی کە دەربڕی بیروبۆچوونی خۆیانە، نەنووسینیان باشترە، چونکە تۆ نەتوانیت ئەوەی دەری دەبڕیت لە خۆتدا ڕەنگ بداتەوە پێم وابێت لە فریودانی خۆیان زیاتر شتێکی تر نیە، ئەگەر لەوە دەترسن وەڵآم دانەوەیان ببێتە هۆی ئەوەی زیاتر تەشەنە بکاتء ئیستغلال بکرێن ئەمەش بەدەست خۆیانە دەتوانن وەڵآمی ئەو نامانە نەدەنەوە، هەرچەندە بەشێکی کەمیان کاتێك تێبنی یان دەستخۆشیان بۆ دەنێریت لەسەر نوسینێك وەڵآمت دەدەنەوە، بەڵآم هەندێکیان کە زۆرینە پێك دەهێنن هەر ئیمانیان بە وەڵآم دانەوە نیە.

لەگەڵ ئەوەشدا من کاتێك نوسێنێك لە ئەنتەرنێت یان ڕۆژنامەدا بڵآو دەکەمەوە هەر تێبینی و دەستخۆشیەك یان ڕەخنەیەکم بۆ بێت چ لەلایەن ژنەوە بێت یان پیاو وەڵآمیان دەدەمەوەو سوپاسیان دەکەم ئەگەر ئیمەیلەکەی ڕەخنەش بێت و بابەتەکەشم ڕەت بکاتەوە.

چونکە بەو جۆرە دەتوانین کۆمەڵگاکەمان لە هەموو گیروگرفتێك ڕزگار بکەین.